# کیشوەری ئوسترالیا

# پێشەکی

- ولاتێکە دەکەوێتە باشوری گۆی زەوی زەوی هەروەها دەکەوێتە ڕۆژئاوای زەریای هێمن ئەم ولاتە لە باکور لەگەڵ دەریای تەیموور و ئەرفۆرا لە ڕۆژهەڵات لەگەڵ دەریای کۆراڵ و تسمان لە باشور لەگەڵ دەریاچەی باس و لە باشورو باشوری ڕۆژئاوا لەگەڵ زەریای هیندی هاوسنورە پێشئەوەی ئەم ولاتە لەلایەن ئەرووپییەکان داگیربکرێت لە کۆتای سەدەی هەژدەم ئەو کات خەڵکی بنەچەی ئوستڕالی لەو ولاتە دەژیان لە 1606 لەلایەن هۆلەندییەکان و پاشان بەریتانییەکان لە1770 داگیریان کرد لە 1788 بەڕەسمی بەریتانیا ئوسترالییا لەژێر دەستی ئەو داییە وە دواتر بەشەکانی تری ئەم ولاتە دۆزراوە پاشان کراییە 5 یەکەی فەرمانڕەوای لەژێر دەستی بەریتانیا لە 1901 ئەم پێنچ یەکەیە ولاتی ئوسترالییایان ڕاگەیاند
- ژمارەی دانیشوان نزیکەی 24 ملیۆن کەسە 60٪لە شارەکانی سیدنی ومیلبۆرن و بێرث و ئەدیلید و پایتەختی شاری کانێبڕاییە

# سێ تایبەت مەندی ئوستڕالیيا

- پلەی سێیەمی هەیە لە پێشکەوتنی ئابووری جیهان
- یەکێکە لەو شازدە ولاتەی پێشبڕکێ دەکەن لەسەر پێشکەوتنی ئابووری جیهان
- ئوستڕالیيا لە چەند ڕوویەکی تر پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە وەک گەشەسەندنی توانای مرۆی چاودێری تەندروستی تەمەنی پێشبیکراو فێرکردنی گشتی مافی مرۆڤ مافی ڕامیاری وە لە 80٪ دانیشتوانەکەی ئەورووپیين و 20٪ ئاسیاییين و زمانی ئینگلیزی زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لەنێوان خەلک و داموودەزگای حکومەت

# لەڕووی جوگرافییاوە

- ڕووبەری ئوستڕالیا نزیکەی 7ملیۆن و 617هەزارو 930کم کە دەورە دراوە بەچەند دەریایەک
- بەیەکێک لە بچوکترین کیشوەر دادەنرێت لە هەمان شەشەم ولاتە لەڕووی گەورەی ڕووبەری
- ناوی لێنراوە کیشوەری دوورگەی
- بەگەورەترین دوورگەی جیهان دادەنرێت
- کەناراوەکانی ڕووبەری نزیکەی 34218کم دووجایە
- بەیەکێک لەو کیشوەرانە دادەنرێت کە زۆرترین زەوی تەختای هەیە
- خاکەکەی کۆنترین جۆری خاکە لە جیهان بەلام لەرووی کشتوکالی بەپیتی کەمە
- بەوە بەناوبانگە کەچەندین زنجیرە چیای تێدا هەلکەوتوە لە کەناری رۆژهەلات و نیوساثوێلز

- بەرزترین ناوچەی تۆبۆگرافی دەکەوێتە ناوەڕاست
- لە باکوری ئوسترالییا دیاردەی باران بارینی وەرزی هەیە لە بەهار و هاویندا باران دەبارێ
- بەشی باشوری رۆژئاوا ئاو و هەوای دەریای ناوەڕاست گاریگەری هەیە لەسەری ئاو هەوایەکی مامناوەندە
- بەشێوەکی سەرەکی ئاو هەوای ئوسترالییا گاریگەرە بە تەوژمی زەریای هیندی و جەمسەری باشور ئەم جۆرە ئاو و هەواییە بەرپرسە لە بارانی زۆر لە زستان
- ئوسترالیا بەوە بەناوبانگە کە زەوی وشک و بیابان تێداییە بەلام ناوچەی دارستانی هەیە ئوسترالییا ولاتێکە جۆراوجۆری ژینگەی هەیە
- ئوسترالییا بەناوبانگە بەجۆراوجۆرییەتی ئاو و هەوا تەنانەت رووەک و گیاندارەکانی جیاوازە لەگەل ناوچەکانی تری جیهان
- ئوسترالییا بەناوبانگە بە گیانداری درندەی زۆرە بەلام ژمارەییەکی زۆری ئەو گیاندارانە لە ناوچوون لە رابردوو

- ئوسترالییا بەناوبانگە بە جۆرێک لە پارێزگاری لە داهاتە سروشی بە ستاندارتی جیهانی کە 216 شوێنی وەکو شوێنەواری کۆن ماونەتەوە
- لە رووی ئابووری ژمارەییەکی خاکەی سودی لێ وەردەگیرێت کە رووبەرەکەی 4 ملیۆن و 184 هەزار کم
- بەرزترین لوتکە چیا بەرزییەکەی 2228م لە چیای کۆسیکۆ وەجۆرەها دەشتی هەیە لەبواری کشتوکالی سودی لێ وردەگریێ
- کیشوەرەیکە ژمارەییەکی زۆر رووبەری وشکانی هەیە بەلام دانیشتوانی ژمارەیەکی رووبەرەکە داگیر دەکەن کە لەهەر یەک کم سێ کەسی بەردەکەوێت
- ئاو هەوای بە ئاو هەوای هێلی کەمەرەی ناسراوە کە بەریرسە لە بارانی بارینی زۆر لە زستان و پلەی گەرمای بەرز لە هاوین وە بونی درستان و پۆشاکی رووەکی و دارستان

# مێژووی ئوسترالیا

مێژووی نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە ئوسترالیا دەگەرێتەوە 48 هەزار ساڵ پێش ئێستا

کۆچکردنی ژمارەییەکی لە خەڵکی باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا بۆ ئوسترالیا بەیەکەم هەنگاوی نیشتەجێبوونی مرۆڤە لە ئوسترالیا کە ئەمانە خەڵکی رەسەنی ئوسترالین

زۆربەی دانیشتوانی ئوسترالیا پیشەیان راوەماسی بووە کە بەناوبانگترین پیشەی ئوسترالییە وە کۆکردنەوەی خۆراک لە کۆتای سەدەی 18

یەکەم هاتنی ئەوروپییەکان دەگەرێتەوە بۆ ساڵی1606 بە رێگەی کەشتیوانی

یەکەم وێنەکێش جوگرافی بۆ کەناری ئوسترالیا لە لایەن هۆلەندییەکان بوو بەلام هەولی نیشتەجێبوونیا نەدا

کەنارەکانی باکوری رۆژئاوا لەلاین بەریتانییەکان لە ساڵی 1688دۆزرانەوە

بەریتانیا لە ساڵی 1788یەکەم داگیرکاری بۆ ئوسترالیا ئەنجامدا کە ئەمە رۆژێکی مێژوویە لەمێژووی ئوسترالیا

- ***خەلکی رەسەنی ئوسترالی ژمارەیان لەنێوان 750 هەزار تا 1 ملیۆن هۆکاری ئەو ژمارەیە زۆری مردنە بەهۆی نەخۆشی کوشندە***
- ***لە سالی 1976 یاسای رێزگرت و دانپێدانان لە خەلکی رەسەنی ئوسترالیی دامەزرا***
- ***لە سالی 1851 پاش دۆزینەوەی زێر لە ئوسترالیا گەشەی ئابووری دەستپێیکرد***
- ***تا سالی 1901 ئوسترالیا وەکوولات ناوبانگی نەبوو***
- ***لە سالی 1901 ئوسترالییەکان چوونە قۆناغی رامیاری جێگیر کە ولاتی ئوسترالیایان راگەیاند***
- ***لە سالی 1911 ئوستراللیا ناوی پایتەختەکی ئاشکراکرد کە شاری کانبێراییە***
- ***پێش سالی 1901 میلبۆرن پایتەختی سیاسی و جێگبوونی دەسەلاتداران بوو***
- ***لەسالی 1931 بەریتانیا هەموو ئەو رێکەوتنانەی لەنێوان ئوسترالیا و ئەمەریکا هەبوو هەلیوەشاندەوە***
- ***لە سالی 1951 دووبارە رێکەوتنی ئوسترالیا و ئەمەریکا لە بواری سەربازی دەستپێکردەوە***
- ***لەسالی 1986 بەریتانیا بە رەسمی دەستی لەبواری رامیاری کشنادەوە***
- ***لە جەنگی یەکەمی جیهان لە سالی 1914بەیارمەتی بەریتانیا دژی ئەلمانیا جەنگا***
- ***تەنانەت لە یەک جەنگدا 60 هەزار ئوسترالی مردن و 152 هەزار بریندار بوون***

# بواری رامیاری

سیستەمی حوکمرانی لە ئوستڕالیا سیستەمێکی ەستوری میرنشینییە لەسەر شێوەی چەند یەکەی فیدرالی

سیستەمی حوکمرانی سیستەمی پەرلەمانیە واتا دەستوور و یاسا لە پەرلەمان جێگیردەکرێ

سیستەمی حوکمرانی بەڕێوەبردن 1 سیستەمی پەرلەمان دووبەش شا و ئەنجومەنی پیران

2 دەسەلات بەسیستەمی جێبەجێکردن لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەن و وەزیرە جێبەجێکارەکان

3 یستەی دادوەری کە دەستەی بالای دادوەری سەرپەرشتی دەکات

4 ئەنجومەنی پیران لە 76 ئەندام پێکهاتووە

ئوستڕالیا دابەش دەبێت بۆ 6 یەکە و 2 یەکەی ئیداری

- ویلایەتەکان و پایتەختیان1 نیوساوث وێلز ــ سیدنی   2 کوینزلاند ــ بریزبان   3 باشوری ئوستڕالییا ــ ئەدیلید
- 4 تازمانیا ــ هۆبات   5 ڤیکتۆریا ـــ میلبۆرن   6 ڕۆژئاوی ئوستڕالییا ـــــ بێرث
- یەکەکان  1 یەکەی باکور ـــــ داروون   2 یەکەی پایتەختی ئوستڕالییا ــ کانبێرا
- یەکەفەرمانڕەواییەکانی ئوستڕالییا
- بەشێوەیەکی گشتی لە 6 ویلایەت و 2 یەکەی فەرمان ڕەواییە وەکو ویلایەت هەلسوکەوت دەکەن بەلامپێویستە لە پەرلەمانی گشتی بڕیاری لەسەر بدرێ
- هەر ویلایەتێک و یەکەیەک پەرلەمانی تایبەتی خۆی هەیە هەرووەها یەکەی دستوری بڕیاردەریتاییەتی هەیە
- هەر ویلایەتێک وەکو نیمچەدەولەتێکی سەربەخۆ  هەنگاو دەنێت بلام پێویستە دەستورە گشتییەکان بپارێزێت
- دوورگەی نۆرفۆلک  لەسالی 1979 بەیەکێک لە یەکە فەرمان ڕەواییەکانی ئوستڕالییا ناسرا بەلام سیستەمی ئۆتۆنۆمی هەیە
- لە دەوروبەری ئوستڕالییا چەند دوورگەیە هەیە لەوانە کۆکۆس  ئاشمور کاتێر  هیرد دەریای مەرجان کریسمس ئەوانە لە ژێر فەرمان دەوای ئوستڕالییان

# بواری ئابوری

- ئوسترالییا یەکێکە لەو ولاتانەی کەوا لەرووی ئابووری پێشەکەوتنی بەخۆییەوە بینوە بەهۆی بەرزی ڕێژەی بەرهەم هێنانی ناوەخۆ و کەمی ڕێژەی هەژاری لەم ولاتە زۆر کەمە
- بازاڕی ئوسترالییا نۆیەم گەورەترین بازاری جیهانە لە دوای سالی 2006 گەشەی ئابووری دەستی پێکرد
- ئوسترالییا سێیەم ولاتی جیهانە لە ڕووی زۆری سەربەخۆی ئابووری
- سێزدەم ولاتە وەکو خاوەنی گەورەترین ئابووری جیهان
- نۆیەم ولاتە وەکو بەرزی ڕێژەی داهاتی تاک
- داهاتی تاکی ئوسترالی زیاترە لە داهاتی تاکی ئەمەریکی و ئەلمانی و کەنەدی و بەریتانیا و فەڕەنسا و یابان

- ***ئوستڕالییا دووەم ولاتە لە ڕووی گەشەسەندنی مرۆی ئەم ڕیزبەندییە لەلایەن نەتەوەیەکگرتوەکان لەسالی 2010***
- ***ئوستڕالییا یەکەم ولاتە لە ڕووی خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزەرانی شارەکان***
- ***داهاتی تاک لە ئوستڕالییا***
- ***بەپێ ڕاپۆرتێک کە لەسەر ئوستڕالییا کراوە لە سالی 2011 داهاتی هەر تاکێک لەنێوان 2000 تا 2011 چوار هێندە زیادیکردوە***
- ***دووەم دەولەمەنترین ولاتی جیهان پاش سویسرا لە ڕووی داهاتی تاک***
- ***ناوەندی سالانەی داهاتی تاکی ئوستڕالی نزیکەی 222000 هەزار دۆلارە***
- ***بە بەراوردکردنی ئوستڕالییا بە ولاتانی جیهان ڕێژەی ئەوانەی داهاتی سالانەیان لە هەزار دۆلار کەمترە زۆر کەمە***

# بەرهەم هێنانی چین لەئوسترالیا

- نزیکەی 120 هەزار قوتابی چینی لە ئوسترالیا دەخوێنن
- ڕێژەییەکی زۆر بەرز لە بەرهەمی ئوسترالیا هاوردەی ولاتی چین دەکرێ وەک ئاسنی خاو و پەمۆ و مادەی سەرەتای تر
- لە سالی 2009 ولاتی چین کۆمەلێک پڕۆژەی لە بواری بەرهەمێنانی بەرووبوومە سروشتییەکان بەبڕی 22 ملیار دۆلار لە ئوسترالیا
- لە سالی 2014 ڕێکەوتنی بازرگانی نێوان ئوسترالیا و چین لە بواری کشتوکال و خزمەتگوزاری ئەنجام درا

# خەلوزی ئوسترالیا

پرۆسەی دەرهێنانی خەلوز لە هەموو ویلایەتەکان دەردەهێنرێت بە تایبەتی ولایەتەکانی کوینزلاند و نیوساوثوێلز

زیاتر لە 70٪ خەلوزی ئوسترالیا بۆ ولاتانی ڕۆژهەلاتی ئاسیاییە و 30٪ بۆ بەرهەم هێنانی کارەباییە لە ناوەخۆ

لە نێوان سالی 2005 تا 2010 ڕێژەی بەرهەم هێنانی خەلوز بە ڕێژەی لە 5.3٪ زیادیکرد

لە سالی 2016 ئوسترالیا بە یەکێک لە گەورەترین بەرهەمهێنەرانی خەلوز دانرا لە جیهان

لە سەرتاسەری جیهان لە سالێکدا 1213 ملیۆن تەن خەلوز بەرهەم هاتووە لە جیهان لەو ڕێژەییە ئوسترالیا نزیکەی 389 ملیۆن تەنی بەرهەمهێناوە کە دەکاتە نزیکەی 32٪ بەرهەمی جیهان

## پڕۆسەی هاوردە و ناردەنی

- بەربوومی نێردراوەکان   مادەی ئاسنی خاو و خەلوز و نەوت و گاز سروشتی و زێڕ و ئەلەمنێۆم و گۆشتی مانگا و نەوتی خاو و کانزای تر
- ئەو ولاتانەی شتیان بۆ دەنێرێت  چین 32٪ و یابان 13٪ و کۆریای باشور 5.9٪
- پیشەسازییەکان  پیشەسازی بیناکاری و دەرمان سازی و بەرهەهێنانی کانزا و بواری دروستکردنی ئاسن
- بەرووبومی هێنراو نەوت و ئۆتۆمبێل و کەلوپەلی گەیاندن و بارهەلگرەکان و زێڕ و دەرمان و ئامێرەکانی کۆمپیتەر و کەلوپەلی ئەندازییاری و کەلوپەلی ناومال
- ولاتەکان چین 19.4٪ و ئەمەریکا 12.3٪ و یابان 6.4٪ و ئەلمانیا 4.5٪ و تایلەند 4.1٪  و بەریتانیا 4٪

- یەکێک لەو بوارانەی کەوا ئوسترالیا لەبواری بازرگانی پشتی پێدەبەستێ بازگانی خورییە ئەو خورییەی کەلەجیهان بازرگانی پێوەدەکرێ لە ئوسترالیا دروستدەکرێ لە سالی 2017 بەرهەمی هاوردەی خوری ئوسترالی 35 ملیار دۆلاربوو
- ئابووری ئوسترالیا ڕووی لە گەشەسەندنێکی سەردەمیانە کرد بەتایبەتی لە دوای بلاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا هەموو جیهانی گرتەوە کە گاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئابووری جیهان هەبوو بەلام ئوسترالیا وەکو یەکێک لەباشترین ولاتەکان توانی لەم بارووددۆخە ڕزگاری بێ
- ئوسترالیا ولاتێکە کەوا ڕێژەییەکی زۆر بەرز لە گۆگل بەکاردەهێنێت سالانە نزیکەی 70 ملیۆن دۆلار داهاتی گۆگل ئی ئوسترالییایە ئوسترالیا زۆرترین بەکارهێنەری تەکنەلۆژیای سەردەمی هەیە کە ئاماژەییە کە داهێنانی تەکنەلۆژی لە پێشکەوتنە
- لە سالی 2016 داهاتی ناوەخۆی ئوسترالییاگەیشتە 859 تریلیۆن دۆلار
- لەسالی 2017 ئوسترالیا بەرزترین ڕێژەی بەرهەمهێنای ناوەخۆی بەڕێژەی 1.69 تریلیۆن دۆلار تۆمارکرد

- **کەرتی خزمەتگوزاری ئوسترالیا بەباشترین کەرت دادەنرێت تەنانەت لە سالی 2016 بەڕێژەی 61٪ داهاتی ناوەخۆی لەکەرتی خزمەتگوزاری پێکهێنا**
- **زۆرینەی بازرگانی ئوسترالیا لەگەل ولاتانی ڕۆژهەلاتی ئاسیاییە تەنانەت لە سالی 2016 بازرگانیەکە بەڕێژەی 64٪ تۆمارکرد**

**ئوسترالیا توانی پلەی نایاب تۆمار بکات لە گەشەندنی ئابووری خێرا  واتا هیچ باروودۆخێک و هیچ کاتێک نەوەستاوە و پاشەکشەی ئابووری نەکردووە**

**لەسالی 2009 - 2010 ئوسترالیا توانی بەرزترین ڕێژەی بەرهەمهێنانی کانزاتۆماربکات بەڕێژەی 8.4 داهاتی ناوەخۆی پێکهێنا**

**لەسالی 2016 ئوسترالیا توانی پلەی 8 بەدەسبهێنێ لە سەرتاسەری جیهان لە بەرهەمێنانی کانزای سرووشتی بە ڕێژەی 19.9 ترلیۆن دۆلار**

## بەناوبانگترین کەرتی پیشەسازی ئوسترالیا

- ئوسترالیا بەناوبانگە لەم کەرتانە خزمەتگوزاری و تەندروستی و ڕاگەیاندن و دەرهێنانی کانزا
- پیشەسازی خزمەتگوزاری ڕێژەی 76٪ی تێکڕای دەستی کار پێکدێنێت
- لە سالی 2000-2001 ئوسترالیا نزیکەی 1 ملیار دۆلار لەم کەرتە خەرج دەکات
- ئوسترالیا یەکێکە لەو ولاتانەی کە گەورەترین کۆمپانیای دەرهێنانی کانزای هەیە لەوانەش کانزاکانی بۆکسایت و ئاسنی خاو نزیکەی 245 میلۆن دۆلار لەم بوارە خەرجدەکات
- ئوسترالیا لایەنی بەڕێوەبردنی دارای سیستەمی بانکەکان بەشێوەیەکی زۆر پێشکەوتوو دانراوە تەنانەت سیستەمی بانکەکان ڕێخۆشکەرە بۆ بازرگانەکان

- پیشەسازی گۆڕاوەکان لە ئوسترالیا نزیکەی 6٪ لەبواری دروستکردن واتا بریتیە پیشەسازییە گۆڕاوەکانی ئوسترالیا بەبڕی 96 ملیار دۆلار هەناردەکراوە و 86000 لەم بوارە کاردەکەن
- پیشەسازی دەرهێنانی کانزا لە ئوسترالیا بەهێزترین ولاتی جیهان دادەنرێت کە توانیوییەتی زیاتر لە 120 ملیار لەم بوارە بەکاردەهێنرێت لە سالی 2011 ئەم کەرتە گەشەسەندنێکی باشی بەخۆوە بینی کە بڕەکەی لە 24 ملیۆن بۆ 26 ملیۆن دۆلار زیادیکرد کانزای جۆراوجۆر لە ئوسترالیا دەردەهێنرێت لەوانە خەلوز و لمی کانزای و بۆکسایت و یۆرانیۆم و زێڕ و گازای سرووشتی و نیکل و نوعاس

## پیشەسازی گەشت و گوزار لە ئوسترالیا

- ئوسترالیا یەکێکە لەسەرنج ڕاکێشترین ولاتانی جیهان دادەنرێت لە بواری گەشت و گوزار چونکە خاوەنی چەندین دیاردەی سروشتیی سەرنج ڕاکێشە وەک ناوچە کەناریەکان و بیابان و دارستانی باراناوی لەسالی 2017 نزیکەی 7 ملیۆن گەشتیار ڕوویان لە ئوسترالیا کردووە بەهۆی جوانی سروشتەکەی و بوونی گیانداری جۆراوجۆر
- کەرتی گەشت و گوزار بەبڕی 311 ملیار دۆلاری ئوسترالی بەشداری دەکات لەئابووری ولات لەم کەرتەدا نزیکەی 1 ملیۆن کەس کاریتێدادەکات زۆرینەی گەشتیارەکان خەلکی چین و سەنگافورە و یابان و ئەمەریکا و بەریتانیان

## سامانی ئاژەل لە ئوسترالیا

- بەخێوکردنی مانگا لە ئوستڕالییا وە بەرهەم هێنانی گۆشتەکەی بە یەکێک لە سەرەکیترین داهاتی ناوەخۆ دادەنرێت تەنانەت ئوستڕالییا دووەم ولاتە لە ڕووی هەناردەکردنی گۆشتی مانگا دووای بەڕازیل
- لە 60٪ بەرهەمی هەناردەکراوی گۆشتی مانگا دەچێتە ئەمەریکا و کۆریای باشور و یابان
- بەشێوەکی گشتی مانگا لە باشوری ئوستڕالییا بەخێودەکرێ چونکە ئەم ناوچانە کێلگەکانیان دەولەمەندە بە پۆشاکی ڕووەکی و مادەی ئەندامی لە نیوساوثوێلز
- کۆمپانییای باکوری ئوستڕالییا یەکێکە لە بەناوبانگترین کۆمپانیاکانی گۆشتی مانگا دادەنرێت کە نزیکەی 185 هەزار سەر مانگا بەخێودەکات
- کۆمپانیاکانی ئوستڕالییا وەکو کۆمپانیای کشتوکالی ئوستڕالی خاوەنی نزیکەی 585 هەزار سەر مانگاییە
- کۆمپانیای هیتس بیری کە گۆشتی مانگا بەرهەم دەهێنێت خاوەنی نزیکەی 200 هەزار سەر مانگاییە

# بەناوبانگترین پیشەسازییەکان و بازرگانی ئوستڕالیا

- ئوستڕالییا بازرگانی دەکات لەگەل چەند ولاتێک لەوانە چین 155 ملیار دۆلار ئەمەریکا 64 ملیار دۆلار یابان 61 ملیار دۆلار کۆریای باشور 32 ملیار دۆلار بەریتانیا 29 ملیار دۆلار زۆرینەی بەرهەمەکانی کە بازرگانی پێوەدەکات ئەمانەن زێڕ و ئاسنی خاو و گازی سروشتی و گۆشتی ئاژەل و قامیشی شەکر و مادەی تر
- ئوستڕاییا سالانە بوجەیەکی تایبەت لە بوارەکانی گەشت و گوزار 29 میار دۆلار وە بواری بەرهەمێنانی ئۆتۆمبێل 21 ملیار و بواری گواستنەوە و گەیاندن 12 ملیار و نەوت 15 ملیار و گواستنەوەی دەریای و کەشتیوانی 9 ملیار دابیندەکات

# خاکی ئوستڕالیا

- ناوچەی دابارینی بەرز کە تەسمانیا لەو ناوچانەیە کە مانگای تێدا بەخێودەکرێ وە گرینگی بە بەرووبوومەکانی سامانی ئاژەل دەدرێت
- ئەو خاکانەی لەزستاندا بەکاردەهێنرێت بۆ بەرووبوومە زستانیەکان وە مەڕ و بزنی تێدا بەخێودەکرێ
- ئەو ناوچانەی کە دابارینی زۆر کەمە بەهۆی کەمی بە پیتی خاکەکەی زیاتر وەکو لەوەڕگا بەکاردەهێنرێت

## بەرووبوومی کشتوکاڵی لەئوستڕالییا

- بەرووبوومی دانەوێڵە بە یەکێک لە سەرەکیترین بەرهەمی کشتوکاڵی دادەنرێت لە ئوستڕالییا کە بەکاردەهێنرێت وەک خۆراکی مرۆڤ و ئالیکی ئاژەڵ
- قامیشی شەکر بە یەکێک لەو داهاتانە دادەنرێت کە ئوستڕالییا پشتیپێ دەبەستێ لەگەڵ وڵاتی بەڕازیل لە پێشبڕکێدان هەروەها نرخی ئەم بەرهەمە لە ئوستڕالییا هەرزانترە بە بەراورد بە وڵاتە ئەوروپیەکان
- ئوستڕالییا ڕێژەیەکی زۆر لە بەرووبوومی سەوزە و میوە بەرهەمدەهێنێت تەنانەت لە پرتەقاڵ و سێو و مۆز نزیکەی 300 هەزار تەن بەرهەم دەهێنێت
- لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان سەلماندوە کە خەڵکی ئوستڕالییا پشت بە بەرهەمی ناوەخۆ دەبەستن
- لەساڵی 2005 کۆمپانیای ماکدۆناڵز بلاویکردەوە کە تەسمانیا یەکێکە لە گرینگترین ناوچەکانی بەرهەم هێنانی پەتاتە
- بەرووبوومی ترێ یەکێکە لەو بەرووبوومانەی کەڕێژەییەکی زۆر بەرز پێکدێنێت لە بەرووبوومە هەناردەکراوەکان لەساڵی2002 تا 2003 نزیکەی 203 ملیار دۆلاری بەرهەم هێناوە

# کەرتی پیشەسازی ئوسترالی

- کەرتی کشتوکالی لە ئوسترالیا نزیکەی 3٪ داهاتی ناوەخۆ پێکدێنێت لە سالی 2017 ئوسترالیا توشی هەندێک کێشەی کشتوکالی بوو ئەگەرنا ئەم ژمارەییە پێشبینکرابوو بگاتە 12٪ نزیکەی 300 هەزار کەس لەم کەرتە کاردەکەن
- زیاتر لە 60٪ خاکەکەی بۆ کشتوکال بەکاردێت
- لە 64٪کێلگەکان سەر بە دەولەتن
- لە 23٪ی خاکەکەی لەلایەن خەلکی بنەڕەتی ئوسترالی بەکاردەهێنرێت
- سالانە ئوسترالیا بەبڕی 50 ملیار دۆلار بەرهەمە کشتوکاییەکانی هەناردەدەکات لە 14٪ی هەموو هەناردەکراوەکانی لە بەرووبوومە خۆراکییەکانەوەک سەوزە و میوە کەرتی کشتوکالی ئوسترالی یەکێکە لە کەرتە پێشکەوتووەکانی جیهان کە نزیکەی 155 ملیار دۆلار لەم بوارە خەرج دەکات
- لە ولاتی ئوسترالیا گرینگی بە خێوکردنی مەڕوومالات دەدرێت کە نزیکەی 135 هەزار کێلگە بۆ ئەم مەبەستە تەرخاوکراوەوە لە 61٪ خاکی ئوستڕاییا بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێ

## دانیشتوانی ئوسترالیا

- بەشێوەیەکی سەرەکی زۆرینەی دانیشتوانی ئوسترالیا لە بنەڕەتدا خەڵکی وڵاتی بەریتانیان لەپاش جەنگی جیهانی یەکەم ژمارەی دانیشتوانی ئوسترالیا بە یەکجار زیادیکرد بەهۆی لێشاوی زۆری کۆچکردن بۆ ئەو وڵاتە تەنانەت لە پاش جەنگی جیهانی دووەم تا ساڵی 2000 نزیکەی 6 ملیۆن خەڵک کۆچیکردبوو بۆ ئوسترالیا وە وەکو دانیشتوانی ئوسترالیا ناسراون واتا لە هەر سێکەسێک لە ئوسترالیا دووانیان وەکو کۆچبەر هاتوونەتە ئوسترالیا پێشبینیدەکرێت ژمارەی دانیشتوانی بگاتە 42 ملیۆن کەس لە ساڵی 2050 لە ساڵی 2001 نزیکەی 23٪ دانیشتوانی ئوسترالیا ئەوانە بوون کە لە دەرەوەی ئوسترالیا لە دایکببوون واتا کۆچبەربوون لە نێوان ساڵی 1998 تا 1999 ژمارەی کۆچبەرەکان کە خەڵکی ئیتالیا و چین و ڤێتنامن هەروەهالەنێوان ساڵی 2005 تا 2006 نزیکەی 131 هەزار کۆچیکردووە بۆ ئوسترالیا کە بەشی زۆریان خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئاسیان لە نێوان ساڵی 2010 تا 2011 گەیشتە 168 هەزار کەس بەپێی ئەو سەرژمێریەی کراوە
- لە ساڵی 1976 ژمارەی ئوسترالییە ڕەسەنەکان 115 هەزار کەس بوو
- بەڵام لە ساڵی 2001 ئەم مارەییە بۆ 410 هەزار کەس بەرزبۆووە
- لە ڕووی درێژی تەمەنەوە ئوسترالییە کۆچبەرەکان تەمەنیان زیاترە لە ئوسترالییە ڕەسەنەکان بەڕێژەی 11 تا 17 بەهۆی باشی بارودۆخی تەندروستی ڕۆشنبیری تاک

## بواری تەندروستی

- ناوازەترین تەمەنی دیاریکراو لە ئوسترِالییا بۆ پیاوان 78 سالیە و بۆ ئافرەتان 83 سالیە بە ێی ڕاپۆرتێک کە سالی 2006 ئەنجامدراوە
- لە ئوسترِالییا زۆرترین ڕێژەی نەخۆشی شێرپەنچەی پێست تۆمارکراوە وە جگەرە کێشان گەورەترین هۆکاری مردنە
- بە پێی ڕاپۆرتێکی تەندروستی جیهان ئوسترِاللییەکان بەبەراوورد بە خەلکی جیهان قەلەوترن
- بەپێی ڕاپۆرتێک ئوسترِالیا سالانە بوجەیەک بە بڕی 8.8 داهاتی بۆ کەرتی تەندروستی خەرج دەکات
- ئوسترِالییا لە سالی 1975وە گرینگی بە تەندروستی داوە لە ئوسترِالییا نەخۆشخانەکان و بنکەی تەندروستی لە ئاستێکی پێشکەوتوون کە بۆ خزمەتی خەلک ئامادەکراون
-

## ئاستی خوێندن

- چونە قوتابخانە لە ئوسترالیا کارێکە بە زۆری ئەنجام دەدرێت ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە نێوان 6 بۆ 16 سالیە نابێت لە خوێندن دابڕێن ئەەش بۆتە هۆی نەهێشتنی نەخوێندەواری
- پێش چونە قوتابخانە سالێکی ئامادەکاری هەیە پێویستە منداڵان پەیوەندی پێوە بکەن
- بە پێی ڕاپۆرتێکی هەلسەنگاندنی نێودەولەتی کە بۆ قوتابیانی جیهان کراوە لە 30 ولاتی پێشکەوتووی جیهان ئوسترالیا پلە 5مە
- بەپێی ڕاپۆرتێکی هاوکاری گەشەی جیهانی ئوسترالیا ولاتێکە کە گەنجەکانی ئامادەبنبن بۆ زانکۆ
- لە ئوسترالیا ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان 25 تا 64 سالیە بەڕێژەی لە 58٪ ئاستی خوێندنیان بەرزە
- زانکۆکانی ئوسترالیا یەکێکن لە پێشکەوترین زانکۆکانی جیهان بە پێی ڕاپۆرتێک کە لەنێوان 2010 و 2011 ئەنجام دراوە ئوسترالیا پلەی 36 بە دەستهێناوە

## زمانەکان لە ئوسترالیا

- زمانی ئینگلیزی سەرکیتین زمانە لە ئوسترالییا بەشێوەیەکی فەرمی زمانی ئینگلیزی بەکاردێنن وە سەرەڕای زمانی ئوسترالی کە زمانێکی فەرمییە
- زمانی ئوسترالی زۆر نزیکە لە زمانی ئینگلیزی تەنها چەن جیاوازیەکی کەم هەیە لە ڕووی نوسین و دەربڕین
- بە پێی ڕاپۆرتێک کە سالی 2006 ئەنجامدراوە لە 79٪ خەلکی لە ناو مالەکانیان بە زمانی ئینگیزی قسە دەکەن بەشەکەی تر بە زمانەکانی ئیتالی 1.6 و یۆنانی1.3 و کالتۆنی1.2
- بە پێی هەندێک لە لێکۆلینەوەکان زۆرینەی ئوسترالییەکان دوو زمان دەزانن
- بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی گەشەسەندنی خێرا لە سالی 2010 زمانی ئینگلیزی زۆرترین بەکارهێنانی هەبوو لە ناو مندالان
- لە ئوسترالییا زمانی ئاماژە نزیکەی 5500 کەس بەکاریدێنن کە مەەست لێی کەڕوولارەکانن
- ئێستا نزیکەی 12٪ ئوسترالییەکان بەزمانی ئوسترالی کۆن قسەدەکەن

## ئاین

- له ئوسترالییا هیچ ئاینێکی فەرمی نییە چونکە لە دەستووری ئوسترالییا لە برگەی 116 نابێت هیچ ئاینێک فەرمی بێت ل ئوسترالییا
- بەپێی داتاکانی 2011 ئاینی مەسیحی رێژەی 61.1٪ وە نزیکەی 22.3 ئەوانەن کە سەر بەهیچ ئاینێک نین وە 7.2٪ سە بە ئاینی بودین وە ئاینەکانی تر ئیسلام 2.5 وە هیندۆسی 2.2 وە جولەکە 2.1 پێکدێنن
- ئوسترالییا ولاتێکە کەمترین پابەندبوونی بە ئاینی تێداییە
- بەپێی ئەو ریزبەندییەی کە کراوە لە جیهان لە کۆی 21 ولات کە پەیرەوی ئاینەکان ناکەن ئوسترالیا پلەی 17مە
- لە چاور کەسێکی ئوسترالی سێیان ئاینیان نییە
- لە سالی 1993 لێکۆلینەوەک کراوە لەسەر ئەوانەی کە سەردانی کلێسەیان دەکرد نزیکەی 60٪ئوسترالییوون تەمەنیان نێوان 15 ت 29 سالبوو ئەم رێژەیەش گۆرانی بەسەراهات لە سالی 2009 گەیشتە 33٪
- بە پێی لێکۆلینەوەیەک کە ە 2016 ئانجامدراوە رێژەی مەسیحیەت 54.6٪ بووە لێکۆلینەوەیەک ئەنجامدراوە لە سالی 2016 ئەوانەی کە پەیوەندیان بە ئاین نییە لە19٪بوو زیادیکرد بۆ 30٪
- لە سالی 2016 ژمارەری ئەوانەی پەیوەندیان بە ئاین نیێە گەیشتە 2.2 ملیۆن کەس